# منداڵێکی پایزنشین

**زیاد ڕەشاد قادر**

هەولێر ......................................... ٢٠١٤

# پێناسی کتێب

**ناوی کتێب: منداڵێکی پایزنشین**

**نووسینی: زیاد ڕەشاد قادر**

**بابەت: دەقی ئەدەبی**

**دیزاین: خەلیل هیدایەت مام شێخ**

**تایپ و هەڵەگری: نووسەر**

**تیراژ: هەزار دانە**

**نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم، ٢٠١٤**

**شوێنی چاپکردن: چاپخانەی هێڤی**

**بڵاوکردنەوەی: کۆمپانیای ڕستە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی (٣٧٥)ی ساڵی (٢٠١٤)ی دراوەتێ.**

# پێشكێشە بە:

* ڕۆحیانەتی بابم، كە تا مابم، سایە و سێبەری ئەو، وا بەسەر سەرمەوە.

* دڵە مەزنەكەی دایكی شیرینم، كە زێتر لە بیست و حەفت ساڵە، بۆ من و خوشك و براكانم هەم دایكە، هەم باوك.

* ئازیزانێك، كە بوونە هەوێنی خەملێن و پێگەیینی ڕاز و خورپە و هەناسەكانی نێو ئەم كتێبە. بەتایبەت ئەو هاوسەفەرەی، لە نێو زۆرێك لە وشە و وێنە ئەدەبییەكانی ئێرەدا، ئامادەگی هەیە.

* منداڵی، ئەو ماڵەی تا بەجێمان نەهێشت، هەرگیز نەماندەزانی هێندە لێوانلێو لە سەلوا و سەبوورییە، هەنووكەش هەر كە ئاوڕ بۆ ئەو ماڵە دەدەینەوە، دەبینەوە منداڵ، چ منداڵێك...

زیاد ڕەشاد

# ڕەنگ و بۆی (مندالێکی پایزنشین)

(مندالێکی پایزنشین) دیوانە شیعرێکی برای شاعیر کاك (زیاد ڕەشاد)ە، لە ئاوێنەی شیعرەکانی نێو ئەم دیوانە، ئەم تابلۆیانەی خوارەوە دەخەینە بەر دەستی خوێنەری بەڕێزی ئەم دیوانە.

ناسکی ـ وەکو یەك لە بەها ئاینی و ژیارییە زۆر گرنگەکان ـ ، ئەگەر لە بواری مامەڵە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا شتێکی زۆر پێویست و خاوەن کاریگەری بێ، لەسەر دەروونەکان، ئەوا لە بواری دەربڕین و ئەدەب بە شێوەیەکی تایبەتتر، کارێکی ناوازەتر و جوانترە، چونکە ئەدەب وەکو ئاوێنەی سەردەم و قۆناغەکانی ژیانی مرۆیی دەمینێتەوە و هەمیشە دەیەوێ شوێنپەنجەیەك ـ لە کاروانی بەرەوپێشبردنی بیر و ژیار و گۆڕینی کۆمەڵگا و بەرەو پێشتر بردنی ـ دابنێ.

شاعیری ئەم دیوانە شیعریە کەسێکە لەوانەی بە ناسکی مامەڵە دەکەن، ئەوەی لە نزیکەوە بیناسێ، دەزانێ هەموو ژیانیان هێمنی و ناسکییە، وەکو هەنگ دەچنە سەر پەڕەی گوڵەکان و بێ ئەوەی ئازارێکی پێ بگەیەنن، سوود وەردەگرن و سوود دەگەیەنن، ئەم شاعیرەش وەها مامەڵە لەگەڵ بابەتەکان دەکات و مەبەستیەتی بە ئارامی و ناسکییەوە بە ئاراستەیەکی بەسوودیان ببات..

ئەوەیان لەو دڵۆپە وشە و دەربڕینە ناسکانە بەدی دەکەین، کە لە سەرتاپای شیعرەکانیدا دەیخوێنینەوە:

**ئەی ئەزیزم**

**بە کام زمان بڵێم سوپاس**

**لە پاش ئەوەی**

**هەلاڵەی دڵی ماندوومت**

**بە شەونمی ئاسوودەیی حەسانەوە**

**کێڵگەی وشکی ئەم تەمەنەت**

**سەوز و گەش کرد**

**بە بارانی دڵدانەوە.**

زمان ـ کە تەرجومانی مێشکە، پەیامنێری دڵە ـ ، ئەو زمانە لە شیعرەکانی کاك زیادی شاعیردا پەتی و وێنەیی و پڕ لە خواستن و لادانە گشتی و تایبەتییەکانە، زمانێکە بە بۆیاغی دەیەها شێوازی هونەری کۆن و نوێ، بە دەیەها وشەی ڕەسەن و بیری بە پیت، بە دەیەها ئاماژە و هێمای سەرنجڕاکێش، خۆی ڕازاندۆتەوە و فەنتازیایەکی جوان و جیهانبینییەکی سوودبەخشی بەرهەمهێناوە:

**نازانم خۆشەویستی**

**چەند سەدان هێندەی**

**جۆری باڵندەکانی ئەم گەردوونە**

**ئەدرێس و ناسنامەی هەیە؟!**

**چەند هەزار بارتەقای**

## تەرزی گوڵەکانی سەر ڕووی زەمین

## دیمەن و بەرامەی هەیە؟!

نازانم؟! شێوازی پرسە؟! بەڵام پرسیارێکی مەجازییە، پرسیارێکی درووست نییە، تا بە دوای وەڵام بگەڕێ، بەڵکو پرسیارێکە لە ناخی خۆیدا هەواڵێکی گەورەی هەڵگرتووە، مەبەستیەتی بڵێ: خۆشەویستی سەدان سەدان هێندەی جۆری باڵندەکانی ئەو دونیایە، ـ کە کەس نازانێ چەندەها هەزار جۆرن؟! ـ ، ئەدرێس و ناسنامەی هەیە!! ئەمە هەواڵە پۆشراوەکەیە، لە ناواخنی پرسیارەکەی حەشاردراوە، هەواڵێکە لە گەورەیی بەهای (خۆشەویستی) دەدوێ، (خۆشەویستی)یەك کە هەوێنی نامەی خوایە بۆ پەیامبەران!! ویست و مەبەستی خوایە لە خولقێنراوان!! یەکەمین و سەرەکیترین هۆکارەکانی دامەزرانی ئیمان و ڕزگاربوونی مرۆڤایەتییە، لە بچووکی و نالەباری و دۆزەخی مەرگەساتە بێژمارەکانی دونیا و گەیشتن بە ڕەزامەندی خودا و دەستکەوتنی بەهەشتی ئاسوودەیی و خۆشی هەتا هەتایی!!

خەڵکان لێکچوواندن بە شتە زەقەکانەوە دەکەن، چونکە (لەوچوو) ئەگەر زەق و گەورەتر نەبێ لە (لێیچوو)، لێکچوواندنەکە عەیبداری درووست دەکات، نەوەك خزمەتێك پێشکەش بکات، بەڵام کاك زیاد لە شتە زەقەکان دەسووڕێتەوە و دەڵێ: شتە زەقە لای خەڵك (لەوچوو)ەکان بۆیە زەق و گەورەن، چونکە لە ئێوەی (لێچوو)ی لای زۆرینە دەچن و جوانی خۆیان لە جوانییەکانی ئێوەوە وەرگرتووە:

**هەرچی هەیە**

**ستایشی نیانی و جوانی و**

**سپێتی بەفر دەکا!!**

**بەڵام تۆ لە بەفر لە پێشتری!!**

**ئەی ئەوە نییە**

**بەفری هەموو دونیا**

**لە ئاست ڕۆحی گەرمت چۆك دادەدا**

**نەك هەر ئەوە**

**گەر بەفر خۆی**

**لە تۆ نەچێ**

**کێ سترانێکی بۆ دەچڕێ و**

**وێنەیەکی لەگەڵ دەگرێ؟!**

بەفر.. هێمای پاکی و دڵگیری و بەڕائەت!! هێمای بووژانەوە و دڵخۆشی و ئارامی!! نمونەیەکی باڵایە و شتانی تر بۆ ئەوەی جوان بکرێن، لە شیعری کۆن و تەنانەت نوێش، بە بەفر دەچووێنرێت، لەبەر ئەوەیە: شاعیران لە کۆنەوە کردوویانەتە وێنەی باڵا، بە هۆی بەفرەوە دیمەنەکانیان جوان کردووە.. ڕووسییەکان گوتیان: شیعرەکانی پوشکین نەبووایە، کە دیمەنی شار و شاخەکانی مۆسکۆی لەژێر بەفردا ئەوەندە دڵگیر و جوان بۆ کێشاین، ئێمە نەماندەزانی بەفر ئەوەندە گرنگە و نەماندەزانی قەشەنگی مۆسکۆ بە هۆی ئەو بەفرە جوانەوە بەرهەم هاتووە؟! (پیرمێرد)یش جوانییەکی گەورەی لە بەفرەوە بینیوە، ئەگەر ئەو بەفرە نەبووایە، سلێمانی بە هیچ شتێکی تر لە بوکێکی دڵگیری وەکو بەڵقیسی پاشای یەمەن نەدەچوو!! پیرەمێرد بوو گوتی:

**بەیانی بوو لە خەو هەڵسام، کە ڕووانیم بەفرە باریوە**

**سلێمانی دەڵێی بەڵقیسە تارای زیوی پۆشیوە**

**دەمێ بوو چاوەڕێی بەفرێکی وا بووم مژدە بێ باری**

**سەرم بەفرە کەچی هێشتا شەڕە تۆپەڵمە بۆ یاری.**

لای کاك زیاد وێنەکە پێچەوانەیە، بەلاغییەکان ناوی دەنێن: لێکچوواندنی ئاوەژوو (تەشبیهی مەقلوب)، چونکە بەفر بە هۆی (ئەو)ەوە، ـ کە ئەو (ئەو)ەیە یەکێکە ـ جوانی بۆ پەیدا دەبێ و لەبەر ئەو (ئەو)ەیە، خەڵك گۆرانی بۆ بەفر دەڵێ و بەجۆشەوە وێنەی لەگەڵ دەگرێ، نەك لە بەر ئەوەی وەکو زۆرینە دەڵێن: بەفرە و جوان و دڵگیر و خۆشەویستە.

دەقئاوێزانی ـ کە مانای بە گەورەیی درووستبوونەوەی دەقەکانە، مانای درووستکردنی نوێ بە بەردی دوڕڕ و یاقوتی بیر و دەربڕینی بلیمەتانە ـ لەم دیوانەدا ئامادەیی هەیە، چونکە وەکو ڕینیە ویلیك گوتی: **لە شێریان پرسی، بۆچی گەورەی؟ گوتی: چونکە چەندین ڕێویم خواردووە؟!** لێرەوە ڕینیە ویلیك دەڵێ: دەقی گەورەش درووست نابێ، ئەگەر چەندین دەقی بچووکتری نەخواردبێ و لە هەناوی خۆیدا هەڵینەگرتبن.

کاك زیاد دەقئاوێزانی لەگەڵ دەقی گەورە زانایان و ئاقڵانی پێشەخۆی دەکات، بە هۆی بەرهەمی ئەوانەوە، دەیەوێت هەمان کێشەی کۆنی ـ نوێی مرۆڤایەتی چارەسەر بکات:

**ئەی دڵەی بەندی گوناهان، بەسیە سنوور مەبەزێنە**

**بە بەردی سەرکەشی و زیللەت، شووشەی تەمەنم مەشکێنە**

**بە هۆی غافڵگیری و ستەم، خالیقم لێ مەڕەنجێنە**

**بە زوڵمەتی هەوا و هەوەس، ڕێی هەقم لێ مەشێوێنە.**

ئەم چوارینە فراوانکەری چوارینێکی (**عەبدوڵڵا زەنگەنە**)یە.. عەبدوڵڵا زەنگەنە لە چوارینەکەی خۆی دەڵێ:

**دڵە بۆ هەوەس ملم مەشکێنە**

**ڕێی ڕاستی ژینم لێ مەشێوێنە**

**بۆ خۆشی تەنیا چەند ساتێکی کەم**

**خالقی کەونم لێ مەڕەنجێنە.**

هەندێ لە وشە و دەربڕینەکانی عەبدوڵڵا زەنگەنە بە ئاشکرایی لە نێو دەقەکەی کاك زیادی شاعیر دەبینینەوە، کە لە ڕاستیدا (عەبدوڵڵا زەنگەنە)ش دوو دێڕی یەکەمی چوارینەکەی خۆی لە ئیمامی شافیعی وەرگرتووە (ڕەحمەتی خودای لێ بێ).

مۆسیقای شیعری ـ کە ڕەگەزی گرنگی جوانبوونی شیعرە ـ ، لەم دیوانەدا لە ئاستێکی بەرزدایە، شیعرەکان بێ ئەوەی خۆیان بە چۆنیەتی و جۆری کێش و سەرواکان ببەستنەوە و بەوە قوڵ و دەستیان لەوەی مەبەستە ببەسترێ، هاتوونە ئازادانە و هونەریانە ئەو کێش و سەروایانەیان بۆ باڵای بیر و مەبەستەکانی خۆیان دووریوە و وەکو پێویست بەوانەوە خۆیان جوان و بە خۆیانەوە ئەوانیان خۆشەویست کردووە:

**ئەگەر مەرگ مۆڵەت بدا**

**بۆ لەمەودوا**

**گەلێ قەشەنگتر لە باران**

**چامەی نازەنینی ئەوین**

**لەسەر ڕوومەتی قڵیشبردووی**

**خاکی تینوو دەنووسمەوە**

**شیرینتر لە کلووی بەفر**

**هەقایەتی سپیی ژیان**

**بۆ کوێستانێکی خێرنەدیو دەگێڕمەوە.**

ئیشاڵڵا مەرگ مۆڵەت دەدا و شتی زۆرتر و جوانتر بۆ ئەو کوێستانە خێرلەخۆنەدیوە دەگێڕنەوە.. لەو پارچە بچووکەدا، کە نمونەیەکە لە دیوانەکە، سەیری ڕستەکانی یەکەم و دووەم بکەین، دەبینین بە وشەکانی (بدا) و (دوا) سەروادار کراون، (ـا) بووەتە پیتی ڕەوی (قافیە).. بەڵام ئەو ڕەوییە بەردەوامی نەبووە، لە پاشتردا دوو کۆپلە هاتوون، یەکەمیان بە (دەنووسمەوە) و دووەمیان بە (دەگێڕمەوە) سەروادار کراون، (م) پیتی ڕەوی و (ەوە) پیتەکانی پاش ڕەوینە.

لە لایێکی ترەوە: سەرجەم دێڕەکانی ئەو پارچەیە، دابەشکراونەتە سەر تەفعیلەی چوار بڕگەیی، بەوەش هاوکێشییەکی خۆش و ڕێکییەکی باش بۆ شیعرەکە و شەپۆلە مۆسیقییەکانی لە دەربڕیندا درووستبووە.. ئەوەتا:

ئە / گەر / مە / رگ ـ مۆ / ڵەت / ب / دا

بۆ / لە / مەو / دوا

گە / لێ / قە / شەنگ ـ تر / لە / با / ران

چا / مەی / نا / زە ـ نی / نی / ئە / وین

لە / سەر / ڕوو / مە ـ تی / قڵیش/ بر / دووی

خا / کی / تی / نوو ـ دە / نووس / مە / وە

شی / رین / تر / له ـ ك / لوی / به / فر

هه / قا / یه / تی ـ س / پی / ژ / یان

بۆ / کوێس / تا / نیٚ ـ کی / خێر / نه / دیو

ده / گێڕ / مه / وه.

ئەو کێش و سەروایانەش کێش و سەروای ئازادن، بە باڵای بیری شیعرەکە دووراون، مۆسیقای شیعرەکەیان خۆش کردووە. بابەت و مەسەلە پێویستەکانیش لەم دیوانە ون نین، شاعیر ویستوویەتی بە زۆربەیانەوە خۆی پێشکەشی خوێنەرانی بکات..

ئەوەتا بۆ نمونە: ـ خودا.. خالیق و ڕۆزیدەر.. گەورە و میهرەبان.. مرێنەر و زیندووکەرەوە.. جوانی بێ سنوور.. خاوەنی ناو و صیفاتە جوان و باڵاکان.. خودای تاکە ڕزگارکەر و پەرستراوی ڕاستەقینەی هەمووان.. کاك زیاد دەنووسێ:

**خودای خالیق و کردگار، ڕووی زەردی نزام لە دەرگات**

**گەر بارانی سۆزت نەبێ، سارای دڵم وشك و نەهات**

**دوور لە ماهی بەزەیی تۆ، نەفسم تاریك و خەرابات**

**کۆڵی گوناهم چەند قورسە، کەچی میهرت تاجی نەجات.**

هاوسەر کە دایك، یان باوکی منداڵان و پارێزەری بەرژەوەندییەکان و ئارامگەی ڕۆح و باوەشی حەسانەوەن بۆ یەکتری، چ ژن بێ و چ پیاو، گرنگی خۆیان هەیە و هەردوو لا دەبێ خۆشەویستی و وەفای زۆریان بۆ یەکتری هەبێ، ئەوە ئەو بەخششە گەورەیە، کە خوای گەورە خستوویەتییە نێوان ژن و پیاوەکانەوە، هەتا مرۆڤیش لەسەر سکەی ڕاستی و صیراتی

موستەقیمی خوایی بێ، چاو لەو ڕاستیە ناپۆشێ و بە پەرۆشییەوە، بە هەموو ویژدانی، گۆرانی بۆ دەڵێ..

کاک زیاد بە زمانە ناسک و شیرینە جوانەکەی، خێزانەکەی بە هاوسەفەری خۆی لە کاروانی ژیان دەزانێ، چامەیەکی گرنگی بۆ دەنووسێ و لە سەرەتاوە وەهای پێشکەش دەکات: (بۆ ئەو هاوسەفەرەی، لە هەر کوێ بێ و لە هەر کوێ بم، لەتێکی ڕۆحم لای ئەوە).. لە دوا بەشی ئەو چامە درێژەیدا دەنووسێ:

**لە هەر کوێ بم**

**تاسە و گۆرانی و ئاواتم**

**ڕاز و خورپە و قەسیدەی من**

**هەر بۆ عیشقی باڵای تۆیە**

**بۆ هەر لا بڕۆم**

**لە هەر جێ بم**

**خاتر جەم بە**

**پارچەیەك لە ئەم دڵەم و**

**لەتێکی ڕۆحم لای تۆیە**

**لەتێکی ڕۆحم لای تۆیە.**

دیارە شاعیر هەوێنی ئەو شیعرەی لە خۆزگەیەکی بۆ ژێر گڵبردووی (ئەکرەم عەنەبی)ی جوانەمەرگ وەرگرتووە، کە وەکو ئاماژەی پێ دەدا، ئەکرەمی ڕەحمەتی لای ئەو باسی کردووە، کە مەبەستیەتی قەسیدەیەك بە ناونیشانی (لەتێکی ڕۆحم لای تۆیە) بۆ (سارا)ی خێزانی بنووسێ، بەڵام

مەرگ زووتر لەو شیعرە ئەکرەم و سارای نووسیەوە و نەیهێشت مەبەستەکەی ئەکرەم ببێ بەو قەسیدەیەی مەبەستی بوو.

مامۆستا ئەوەیە، کە فێرمان دەکات، ئەگەر مامۆستایەتی بە درووستی کردبێ، قوتابی دەکاتە کۆیلەی خۆی، ئەمیری ئیمانداران عومەری کوڕی خەتاب (ڕەزای خوای لێ بێ) فەرمووی: (ئەوەی حەرفێکم فێر بکات، دەمبینێ من کۆیلەی ئەوم).. کاك زیادی شاعیریش مامۆستا (جاهیدە)ی خۆی لە بیر ناکات، ئەو مامۆستایەی یەکەم حەرفی ئەلفبای ژیانی، بەر لەوەی لەسەر تەختە بۆ بنووسێ، لەسەر پەڕەی دڵی بۆی نووسی، بۆیە هەتا ئێستاش ئەو مامۆستایەی لەبیر ناچێتەوە.. لە ئاوێنەی شیعرەکەی کاك زیاددا، مامۆستا جاهیدە وەکو فریشتەیەکی خێر و دەستێکی سپی و بیرێکی پەروەردەکاری دڵسۆز دەکەوتە بەرچاو.. ئەوەتا بۆی دەنووسێ:

**وەلێ ئەو کەڤاڵە شەنگەی**

**لە هەر هەموو یەکەمینەکان**

**زێتر تۆخ و درشت و بەرچاوە**

**ساتێ چییە**

**ناچێتە بازنەی فەرامۆشی و**

**چرکەیێك ناڕواتە لاوە**

**یەکەم ڕۆژی قوتابخانە و**

**نووسینی یەکەم ئەلفبایە**

**یەکەم تەختە و یەکەم پۆل و**

**دەرسی یەکەم مامۆستایە.**

ئەوە بۆ ئەوەی ئەو مامۆستایە کەمێکی ماندووبوون و هیلاکی ساڵەهایەی لە پێناو پەروەردەکردنی قوتابیەکانی، بەو دڵۆپە وەفایەی ئەو شاعیرەی دەرسی یەکەم لەو فێربووە، بشکێنێ و لە لاشەی شەکەتی ساڵەهای دەر بکات.

سیاسەت ئەو مەسەلەیەی باڵی بەسەر دونیای ئەمڕۆدا لە هەموو کاتێك زیاتر کێشاوە و لە وڵاتی خۆشمان خراپتر لە هەموو شوێنێ مومارەسە دەکرێت، پارچەیێکی وەردەگیرێ و دەبتە بابەتێکی واقیعی، لە شیعرەکانی (کاك زیاد)دا، ئەوەتا زمانی شیرینی کاندید و لایەنەکانی خۆکاندیدکەر بۆ هەڵبژاردنەکان، بە شێوەیەکی گشتی دەبتە هەوێنی شیعرێك و بە زمانێکی گاڵتەئامێزی پڕ لە (سوخرییەت)، بە کوردیەکەی خۆمان: پڕ لە تەوس و گەمە دەنوسرێتەوە:

**وادەی ئینتیخاب کەوتە پاییزێ**

**ئاشت دەکەمەوە دڵی گشت زیزێ**

**نە خەو مۆدەی ما، نە وێنە کێشان**

**نە تەپڵکوتین، نە بوتڵوەشان**

**بەس دەنگم پێ دە گوڵێ ئەمجارە**

**گشت نەیارانت بەم لە سێدارە**

**خەبات خەباتی پەڕلەمانییە**

**کورسی شیرینە و دونیا فانییە.**

خەوتن ، یان خۆخەریککردن بە وێنەکێشان لە لایەن ئەندامانی پەڕلەمان، لە کاتی کۆبوونەوەی پەڕلەمان و ئاگادار نەبوونی هەندێ لە ئەندام

پەڕلەمانەکان، لەوەی کەوا لە هۆڵی پەڕلەمان ڕوو دەدات.. شەڕەقسە و بوتڵوەشاندن.. دەنگبەرزکردنەوە و لێدانی تەپڵی ناڕەزایی.. بە کورتی: بێئومێدکردنی جەماوەر لەو وادەیەی جاران و پێشوو بەر لەوەی متمانەیان پێ بدرێت، بەوەی کەوا ئاوا و ئاوا بۆ خەڵك دەکەن، کە چوونە پەڕلەمان لەبیرچوونەوە و ئەندام پەڕلەمانەکان بە کارەکی شتێکی وایان نەکرد، ئومێدێکی بچووکی هەژاران و خەونێکی بچووکی نەتەوەیی وەدی بێنن.. بۆیە ئەوانە هەمووی بوونە تۆپی توانج و شاعیر بە گاڵتەوە لە تەنگەی ئەندام پەڕلەمانەکانی دەداتەوە.

ئەو فەزایە گەورەیەی بیر، بەو وێنە جوانانەی دەربڕین، کە لە شیعرەکانی کاك زیاد ڕەشاد دەکەونە بەرچاومان، کاریگەری بۆ شیعرەکان زۆرتر دەکەن، چونکە ئەمانە لە لایەك ژیار و لەولاوەش شیعرییەت بەرهەم دێنن، شیعریش وەکو هۆراس و هەموو ئاقڵانی کۆن و نوێ گوتیان: شیعر ئەوەیە وانەیەکی مەعریفی بەرز و چێژێکی هونەری بە خوێنەر ببەخشێ.. ئەو شیعرانەی ئێرە وەهان، بۆیە دەستخۆشی بۆ شاعیر و بە هیوای نووسینی زۆرتر و وەدەستهێنانی لوتکەی بەرزتر.

**د. ئیدریس عەبدوڵڵا**

**هەینی، ٢٠١٤/٢/٢١**

# چەند سەرنجێکی کورت و پوخت بۆ ئەم دیوانە شیعرییە

یەکەم: ئەگەر بڕیار بێت کار و وەزیفەیەکی شیعر دیاری بکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین: بریتییە لە چۆنیەتی ژیانبینی و تێڕوانینی شاعیر بۆ جیهان و بوونەوەر بەگشتی و چۆنیەتی ژیانکردنی بەتایبەتی.

دووەم: زمان لە شیعردا چەشنی (خوێ)یە لە خواردندا، چەشنی کلیلە بۆ دەرگا، چەشنی ناسنامەیە بۆ مرۆڤ، زمان لە شیعردا چەندە پەیوەندی بە فراوانی و دەوڵەمەندیی زانست و زانیاری و ڕۆشنبیریی شاعیرەوە هەیە، ئەوەندەش پەیوەندی بە چۆنیەتی و چییەتی و جۆری ژیانبینی و جیهانبینی ئەوەوە هەیە.

سێیەم: شیعری مەزن، شاعیری بەتوانا و نەمر، کەسێکە هەم ڕوئیای بۆ ژیان جوانە، هەم بیر و ڕۆشنبیریی فراوان و دەوڵەمەندە، هەم زمانی ناسک و پڕ و زەنگین و سەنگینە و گەیەنەری شارەزایانەی ڕاست و ڕۆشنی مانا و دیدگای شاعیرەکەشە وەك خۆی.

چوارەم: لەگەڵ کاك زیاد ڕەشاد یەك جیلین، واتە نیوەی دووەمی نەوەدەکان، کوڕێکی باشە و ڕۆشنبیرە، شاعیرە، نووسەرە، ڕۆژنامەنووسە،

زمانپاراو و کوردیناسە، چیرۆکنووس و شاعیری منداڵانیشە، لەبەر هەموو ئەوانە پێمخۆشبوو لەوەی ئێستا هەیە قووڵتر و بەهێزتر بینووسیبوایە.

پێنجەم: منداڵێکی پایزنشین، ئەو کتێبەی لەبەر دەستانە، بەوردییم خوێندەوە، شت و شیعری جوانم تیادا بینی، لە هەمووان جوانتر ناسکی موفرەدەکان و زۆرێك لە دەستەواژە و گوزارشتە شیعرییەکان.

شەشەم: شیعری (سەفەری ڕۆح، بەڵێن، داری خۆزگە کوا بەر دەگرێ، پێبکەنە، درز، ئیرەیی، لەتێکی ڕۆحم لای تۆیە، منداڵێکی پایزنشین و بۆ سەعیدی کوردی) لەو شیعرە بەپێزانە بوون کە لە دیوانەکەدا زۆر سەرنجیان ڕاکێشام و چێژیان بە دڵ و گیانم بەخشی.

حەفتەم: ئەوەی کە حەزمدەکرد لەم دیوانە شیعرییەدا ڕۆشنتر بمدیبایە و بەقەد تاسە و تامەزرۆییم تینووێتی دەروون و تێڕوانینمی بشکاندبوایە ئەوە بوو کە کوللیاتی دیدگا و ژیانبینی و جیهانبینی کاکە زیادیان نماییش نەکردبوو، واتە (ئەلف تا یائی) ڕێگا و دیدگای ئەویان بۆ ژیان و مرۆڤ و پەیوەندییان لەخۆیان نەگرتبوو.

هەشتەم: لە کۆتاییمدا دەست و دڵخۆشیی لێدەکەم و هیوای ژیانێکی شکۆمەندانە و بەرهەمی بەپێز و بەهێزتری بۆ دەخوازم.

**عەبدولقەهاری شێخ**

**هەولێر، ١٧ / ٢ / ٢٠١٤**

# گوتەیەك

نازانم تێکستەکانی نێو ئەم کتێبە، بە شیعر ناو دەبردرێن، یا دەچنە خانەی پەخشانەوە، یاخود پەخشانە شیعرن، یان ــ ئەوەی پێی دەگوترێت ــ دەقی کراوەن؟ لەکنە من گرنگ نییە هەر چییەکیان پێ بگوترێت. ئەوەی گرنگە بە لای منەوە ئەوەیە، هەوڵم داوە لە نووسینەوەی خۆم و هاوسەفەرەکانمدا، تەنیاخۆم بم و لە هیچ کەسی دیکە نەچم، ئەوجا لەو هەوڵەمدا تا چەند سەرکەوتوو بووم؟ ئەوەیان دەبێ خوێنەر وەرام بداتەوە....

ئەوەش نازانم ئەم کۆمەڵە تێکستەی من، سەر بە چ ڕێبازێکی ئەدەبین و لەگەڵ زمانی نووسینی کام نەوەی ئەدەبیدا چوونیەکن، وەلێ هەرگیز وەختی نووسین ڕەچاوی هیچ ڕێسا و چوارچێوە و قوتابخانە و ڕێبازێکی ئەدەبیم نەکردووە، هەر وەك خۆم بە ستایل و فۆرمی نووسینی هیچ یەکێك لە نەوە (جیل)ەکان نەبەستووەتەوە.

**زیاد ڕەشاد**

**هەولێر، ٢٠١٣/١٠/٢٨**

# سەفەری ڕۆح

وەرە کۆڤان بە سووتان ئاشناکە و[1]
سرووشکی ناسۆری بسڕە
بخووری ئەڤین داگیرسێنە و
گوێ لە هەناسەی شیعرێ بگرە

وەرە ئیدی
کۆتری ئیشقێ بفڕێنینە
ئاسمانی شینی ئێوارە
چی غەم و غوربەتی هەیە
بیتەکێنین لەدڵی هێشاوی ئەم شارە

بێ لەگەڵما بۆ زەمەنێك[2]
گەڕەکی جەفا و
کۆڵانەکانی بێمروەتی تەوەللاکەین
بە دیدەی ڕۆح

(١)کۆڤان: خەم و خەفەت.

(٢) بێ: وەرە.

دیوانەکانی مەحەببەت و
قەسیدەی گوڵ موتاڵاکەین

زووکە ئەی یار
تا ئەم کەشی توانەوە و هەڵوەرینە
نەیکوشتووین وەك پەلکی خەزان
بۆ چەند ساتێك بچینە لای
بۆنی باخ و نازی باران

هیممەتکە ئەی یار
ئەم تەکنیکی هەرەس و
پۆڵای مەرگ و
شۆڕشی هەڵقرچانە
بەجێبێڵێن
بگەڕێینەوە بۆ کووخە هێمنەکانی ڕۆح
بۆ باخچە فیردەوسییەکانی پەپوولە
بچین بە تکەی شەونم
دەستنوێژ هەڵگرین و
لەگەڵ تریفەی مانگدا
ڕاز و نیاز بگۆڕینەوە
گوڵە لاستیکییەکانی

نێو ئینجانەی درۆ

لە زاکیرەمانا دەرکەین و

تاوێ بەدڵ

پرشنگی تەماشا بڕژێنینە سەر حوسنی

خونچەیەکی شەرمن

هەموو ئاوێنە ساختەکان وردوخاش کەین و

لای ئەو کانییە پاکژە

لە ئادگاری ڕاستەقینەی خۆمان ڕامێنین

بچین مەحەببەتی ڕژاوی

خەزانی ئەم دەوروبەرە کۆکەینەوە و

گەردانەی جوانی لە کڵۆ بەفری

هێوارەیەکی زستان بهۆنینەوە

دەوەرە ئەی یار

هەر خۆت و خۆت

بێ دەلیل و نەخشە و قیبلەنوما

بڕۆین لەو بنارە

گوێ لە شمشاڵی ناسکی

شوانێك بگرین و

لەگەڵ دەروێشێکی جەزبەگرتوو

بەکوڵ حەی ئەڵڵا بڵێینەوە

بڕۆینە ماڵی خاکەڕایی زاهیدێك و

چۆڕێ ئاو و

تیکێ نانی وشکی لا نۆشکەین

بچین بۆ خەڵوەتگاهی پڕ نووری عابیدێك و

چرپەی نزا و

موناجاتی دوای نیوەشەوی بژنەفین

مۆمی سەر تاخچەی

ماڵی گەداییێك هەڵکەین و

حەرف و ڕستە گەوهەرینەکانی

نێو کتێبە پەڕ زەردەکەی بخوێنینەوە

دەوەرە دەی...

دەدەی ئەی یار...

ئاداری ٢٠٠٥

# کێ نالێ؟

کێ نالێ
گوناهی فەرامۆشکردنی
گەڵایەکی بێنازکەوتوو
لە ژێرپێخستنی
سەد گوڵی خانەدان زێتر نییە؟
بەچی مەعلوم
گوێگرتن لە شەکوای دڵی
دڵۆپە ئاوێکی لانەواز(٣)
لە ستایشکردنی هاژەی
هەزاران چەم
چێتر نییە؟

مایسی ٢٠١١

(٣) لانەواز: بێکەس و لانەشێواو.

# ماڵی شیعر

"ئەوەی شاعیر نەبێ کوێرە وەجاغی
لە سایەی شیعرەکانم بابی کوڕانم"
حاجی قادری کۆیی

نە دەتوانم لەبیرت کەم
نە دەگونجێ لە مەملەکەتی
ئارامبەخشمت دەرکەم

دەشێ چەند ساڵێ
بێ شیلەی گوڵت
تامی تەمەن و بۆنی ژیان کەم
دەشێ زەمانێ
بێ چریکەی سۆزت
دیدەم ئاسمانی
جوانی تەیکات و
دونیا وەك خێوەت
بەکامی دڵ هەڵدەم

**هیچ سەیر نییە**

**بێ خوڕەی چەمت**

**زنەی ئەوینم**

**بژیێ و هاژەی بێ**

**بێ بارانی تۆ**

**گوڵەگەنمی ئاوات**

**باڵا بکات و**

**بۆ بەرزی بچێ**

**نا، ئەستەم نییە**

**چەهچەهەی وشە و**

**مۆسیقای ڕستە**

**لێم قەدەغە بێ**

**کەچی من نەمرم**

**ڕیشی تێدەچێ**

**بێ باڵی چامە و**

**پەڕەی ستاتیکا**

**چەند مەترێ بفڕم**

**بەڵام**

**ژین و ئەوین و**

**فڕین و بینینی من**

**بێ تۆ**

**کوێر و ناکام و گۆجن**

**ئەی جوانتر لە گوڵ و**

**نەشمیلتر لە بەفر**

**ئازیزتر لە کانی و**

**شیرینتر لە شەکر**

**ئەی**

**ماڵە**

**جوانەکەی**

**شیعر**

**نیسانی ٢٠١١**

# سەراب

به منداڵی
خەون و خولیای
هەموو دنیام
ئەوەبوو نەورەسی عومرم
باڵ لێك بدا
بۆ ئاسمانی شینی گەوران
هەمیشە دەمگوت
دەبێ کەی بێ
به جێبێڵم
زەمینی ورتکە و ساوایان
دواجار کە گەیشتم
جا زانیم
ونبوونی مێرگە پاکەکەی
بەهەشتی شیکی منداڵی
چەندە بەسوێترە
له چیرۆکی
ونبوونی (چاویلکەی نەنکم) !

**دواتریش زێتر زانیم**

**ئەم سەرابی گەورەبوونە**

**سەد هێندە درۆزنترە**

**لە (مەلەوانە درۆزنەکە)!**

**تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨**

# پەپوولە

من دەزانم ئەو دڵەی تۆ

لە پەڕەی گوڵ و

باڵی پەپوولە ناسکترە و

خەریکە دەمرێ!

پەی دەبەم بەوەی

باخی تەمەنت زۆر لەوە ساواترە

بەرگەی کوتان و پێداکێشان بگرێ

ئەز باش کتێبی هەناسە سەردی و

دڵشکانی تۆ دەخوێنمەوە

زۆر ڕەوان گەردی بێ ئومێدی و

تاڵی ڕەشبینی

لە ڕەشێنەی چاوتدا دەدۆزمەوە

بەڵام هاوڕێم تۆ دەزانی

گیانی کۆترە خەمگینەکە

لە توخمی بەرد و ئاسن نییە؟

ڕۆحیانەتی ئەو دارچنارە

لە ڕەچەڵەکی بەدکار و دوژمن نییە!

دەبینی وا دونیای گشتمان

چیرۆکێکە لە خەزان و خەمی بێ بن
هەقایەتێکە لە حەسرەتی چڕ
لە ئازاری ون
بۆیێ هاوڕێی دڵشکاوم
بەفری لە چیا ڕەنجاوم
خاترجەم بە ئەگەر ئەم ڕووبارە پاکژە
باوەڕی بە جوانی مانگەشەو لەق با
یا ناحەزی خۆری هەق با
بێ خواستی تۆ
دەکەوتە بەر نەفرەتی زەمین و ئاسمان
بێ داوای تۆ دەبووە چقڵی چاوی گوڵ و
دڕکەزی ئازاری ویژدان
وەلێ کەسم
کێ دەتوانێ بەرامبەر مانگ
دیدەی پاکی کانی کوێر کا؟
کێ بۆی هەیە
بە ڕووی ئەو شاخی شکۆیە
یاری بە سەنگیی تاوێر کا؟

تشرینی دووەمی ٢٠٠٦

# بەڵێن

تــا ئــەم دڵــەم لــە لێــدان بــێ، بەڵێنــە ئیشــقت دەرنەکــەم
تــا شــەهدی حەقیقــەت هــەبێ، بــە ئەفســانە بــاوەڕ نەکــەم
مــادام بەهەشــتی جــوان هەیــە، ســازش بــۆ مــاڵی شــەڕ نەکــەم
بــۆ ســەرابی ئــەم دنیایــە، خــۆم لــە ئــاوی کەوســەر نەکــەم

کــــە دڵنیــــام ڕۆژێ دادێ، لــــەم جیهانــــە ســــەرهەڵدەگرم
وەك خــەڵکی شــاری خامۆشــان، ڕێگــای کــۆچ و قــەبر دەگــرم
ئیــدی بۆچــی بــە نرخــی ژیــن، گوناهــ و قەســاوەت بکــڕم
بــۆ ئــەم دارولفــەنا کورتــە، وا ڕێگــای مەشــەققەت بــبڕم

ئــەی دڵــەی بەنــدی گوناهــان، بەســیە ســنوور مەبەزێنــە
بــە بــەردی سەرکەشــی و زیللــەت، شووشــەی تەمــەنم مەشــکێنە
بــــەهۆی غــــافلگیری و ســــتەم، خــــالیقم لێ مەڕەنجێنــــە
بــە زوڵمــەتی هــەوا و هــەوەس، ڕێــی هــەقم لێ مەشــێوێنە

خــودای خــالیق و کردگــار، ڕووی زەردی نــزام لــە دەرگــات
گــەر بــارانی ســۆزت نــەبێ، ســارای دڵــم وشــك و نــەهات
دوور لــە مــاهی بــەزەیی تــۆ، نەفســم تاریــك و خــەرابات
کــۆڵی گونــاهم چــەند قورســە، کەچــی میهــرت تــاجی نــەجات

نیسانی ٢٠١١

# خورجین

بۆ "کەنارییێکی شیعرنشین"

پێش لەچاپدان
چەند پارچەیەك
لە ڕەشنووسی
ئەو قسە و هەست و وڕێنە
بێ بزە و تفتانەی
کە من ناوم ناون شیعر
خستنیە خورجینەکەی خۆی(٤)
لەو ڕۆژەوە
ئەو کەنارییە شیعرنشینە
ڕەنگوبۆی ڕاز و خەیاڵ و
ئیلهامی وشەی حەزین دەگرێ

نازانم کەی دەیگەمێ تا پێی بڵێم

(٤) خورجین: هەگبە، جەواڵ.

**چیدی ئەو خورجینە شوومە**

**مەکە کۆڵت**

**تا کۆترە شینکەی گریان و**

**کوندەپەپووی کۆست و کەسەر**

**لە هەواری چاوت بفڕێ**

**تا لەمەودوا**

**لەباتی سەردولکەی خەمگین**

**زمانت سروودی ژیانەوە و**

**سترانی تەڕوبڕ بچڕێ**

**ئابی ٢٠١٢**

# ئەدرێسی ژیان

بۆ نایەی لە ڕێی پەنجەی قلیشبردووی دارێ

شیعرێ بۆ پاییز بنووسین؟

تا لە چاوی خەمی پاییز

کتێبی هەڵوەرین بناسین...

بۆ نایەی لە چاوی ڕیشۆڵەیەکی شەکەت

ترپەی دڵی باران بخوێنینەوە؟

تا لە لێوی تەڕی باران

ماچێ بۆ بەهار بکێشین...

بۆ نایەی لە زاری زنارێکی تەمەندیدە

گوێ لە سەربوردەی بەفر بگرین؟

تا لە باڵی سپیی بەفر

ئەدرێسی ژیان بپرسین...

ئەیلوولی ٢٠١٢

# داری خۆزگە کوا بەردەگرێ؟

وەرە ئەی دۆست

پێش ئەوەی گوڵ ئاهەنگی عومری

بە بای هەڵوەرین بسپێرێ

نیگا بڕژێنینە دیدەی

بەر لەوەی کوێربوون

پاشقول لە سۆمای کانی بگرێ

ئیشق بپڕژێنینە سینەی

بەر لەوەی باران

ماهی تەمەنی ئاوابێ

لە سێبەریا

ژوانی شیعر ببەستین و

سروودی نزا بەڕێخەین

پێش ئەوەی خۆر

واز لە سپێدەباشی زەمین بێنێ

لە ئامێزیا

ئەڵقەی موناجات گرێدەین

چونکە هاوڕێم گەر لەمەودوا

تیرۆژی خۆر لوتفێ نەکا

باران ئیدی نەیەتە گۆ و

دڵی کانیمان لێ بتۆرێ و

گوڵ چیدی نازمان ڕانەگرێ

ئەسەف بەکوێمان دەگەیەنێ و

داری خۆزگە کوا بەر دەگرێ؟

کانوونی یەکەمی ١٩٩٩

# پێبکەنە

بۆ یەکی حوزەیرانی هەموو ساڵێک "ڕۆژی جیهانیی منداڵان"

دە بزە بتگرێ ماڵەکەم
کە هێشتا پەڕەی سپیی دڵت
تەنیا شیعری بەڕائەتی تیا نووسراوە
کە جارێ تابلۆی ژینت
بەس نیگاری خۆشەویستی تیا نەخشاوە

قاقا بکێشە ئەزیزی دڵ
با قاقات دەنگ بداتەوە
پێکەنینت
چون کلوو بەفر و نمەی باران
گەردی گریان بشواتەوە

دەی پێبکەنە دڵی من

پێبکەنە و درەختی سەوزەڵانی ناخت[٥]
بۆ هەمیشە هەر گوڵی بەختیاری بگرێ
پەپوولەی پاکی زمانت
هەر گۆرانیی ئەوین بچڕێ

دەی پێبکەنە دیدەکەم
خەم و گریان تەوەللاکە
چی ڕق هەیە
بە کۆلارەی خۆشەویستی و
جۆلانێی بزە بەباکە

حوزەیرانی ٢٠١١

---

(٥) سەوزەڵان: سەوزەزار، شوێنی پڕ لە کەسکاتی.

# درز

**بۆ (مامۆستا ڕەشاد)ی بابم، کە بیست و شەش پاییزە چووە بۆ جیهانەکەی دی و ئێمەی جێهێشتووە**

**ئەو پاییزەی**
**سیمای پڕ غوربەتت لێم ون بوو**
**درزێ کەوتە ماڵی ژیانم**
**نە مەرهەمێ چارەی دەکا**
**نە زامی بەسوێی ساڕێژ دەبێ**
**ئەو بەیانییەی**
**شکۆی بڵندی تۆیان لێم دزی**
**کەسەر... کەسەر...**
**وەکو لاولاو**
**لە بەژنی عومرم دەئاڵێ و**
**کاسەی سەرم**
**لە خەمی خەست لێوڕێژ دەبێ**
**لەو ڕۆژەوەی**

به تولەڕێیەكدا

ڕۆیشتی و نەگەڕایتەوە

دارستانی ژوار و حەسرەت(٦)

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ

باڵا دەكا و درێژ دەبێ

چەندە سەخت بوو سەفەرت!

چەند كەیلی ماتەمە دووریت!

ئەی چرای چۆڵەڕێگای من

ئەتۆ ئەوسا و ئێستاش

پشتوپەنا و ئەدرێس و ناسنامەی

منی و من بووی

وەك پەپوولەی تینووی تەمەن

داخی داخان

چ زوو لە ئاسمانی من چووی!

تشرینی دووەمی ٢٠١٢

(٦) ژوار: بەئێش، ئازاری سەخت.

# سووتان

بۆ هاوڕێم (عەبدوللەتیف یاسین)، کە لە دووری یار و دیاردا
خەریك بوو ببێتە شاعیر

"غەریبی غوربەتی کردم بە ئەوتان
سەراپا ئەرزی لێ کردوومە زیندان" (٧)
من دەمزانی
بەرگەی ئەو دوورییە ناگرم
بۆیێ هەر زوو
بەیداخی سپیم هەڵکرد و
پێم لە خاکی نیشتیمانە تاریکەکەمدا چەقاند
ئەو نیشتیمانەی هەندێ لە یارانی جەفاکار
حەز دەکەن بیکەن بە دۆزەخ و
بە زۆر خۆشەویستیی لە دڵماندا بهێننە دەر
ئێستاش دەزانم

(٧) دێرە شیعرێکی (حاجی قادری کۆیی)یە.

دووریی تۆ لە یار و دیار

بریندارترە لە برین

شێت و شەیداترە لە ئەوین

دەشمزانی

ئەم غوربەتە

دەتکاتە پارچەیەك گڕ و سووتان

بۆ کوچە و کۆڵانەکانی تەیراوە و

مەجلیسی شیرینی دۆستان

وەلێ هەرگیز نەمدەزانی

لە غەریبیدا

باڵی شیعرت لێ دەڕوێ و

هەموو شەوێ

بە لالەیێکی کزەوە

دێیتەوە ئاسمانی کوردستان و

چامەی ئیشق و هەڵکڕوزان

بۆ یاران و هەولێر و هاوسەفەرانت دەچڕی

زۆریان پێ گوتی

بەم زمانە شکاو و کوردییە شەقوشڕە

چۆن دەچییە حزووری شیعر

بەم ڕێنووس و ڕێزمانە سەیرە

چ سیحرێك له وشه دەكەی

تۆ گوتت:

"بەڵام ئەفكاری خۆمە نەزمی كوردی

له خومخانەی خەياڵی ساف و وردی"[(٨)]

گوتت: نا، عیشق گەورەترە له زمان

گوتت: پەروانەش وەختێ هەڵدەكڕوزێ

بیر له ڕێنووسی سووتان ناكاتەوه

بولبولیش ئەو دەمەی دەهری دەبێ

دان به ڕێزمانی ئاوازدا نانێ

گوتت: ئەمە گۆرانیی گریان و

واوەیلای ڕۆحە و بۆ ڕۆحە

بۆیێ هەر زمان ناناسێ

ئەی برای من

گەر خوا حەز بكا دێیتەوه

كوچە كوچەی نیشتیمان بەسەردەكەیتەوە

تێر بۆنی گەردن و لاملی قەڵا و منارە دەكەیت و

"بە خاكی سولەیمانییا دەكەی عبوور"[(٩)]

---

(٨) دێرە شیعرێكی (حاجی قادری كۆیی)یە.

(٩) نیوە دێرێكی نالییە، بە دەستكارییەوە.

گەر خوا حەز بکا

بە باوەشێ

وشە و ڕاز و شیعری تەواونەکراوەوە دێیتەوە

سەرێك لە زێدی عەلی مەردان دەدەیت

باوەڕ بکە

ئەوسا "تافی لاوی تۆ دێتەوە" (١٠)

گەر خوا حەز بکا دێیتەوە

لە بن داریێ شەکرانێ

چایەکی بە ڕەژوو دێمکراو

هەڵدەقوڕێنی و

گوێ لە "عەگیدێ گەردەن بەخارێ"ی

حەسەن سیساوەیی دەگریت و

پڕ بە گەروو

نازدار حەیرانێ... بابان وێرانێ

دەڵێیتەوە

تێر تێر ئاوی زنەی بناری چیایان دەخۆیتەوە

ئەوسا دەگەشێیتەوە

ئەوجار دەڵێی: جارێکی دی

---

(١٠) بڕگەی نێو گۆرانییێکی "عەلی مەردان"ە، بە دەستکارییەوە.

**"شەرت بێ نەچم هەتا ئەم خوارە بێ تۆ"[(١١)]**

**ئەوجار دەڵێی:**

**کووخی نیشتیمان**

**بە هەموو ناشیرینی و ناتەواوییەکانییەوە**

**شیرینترە لە بەهەشتی دونیایێ**

**ئەوجار دەڵێی:**

**نە لە ئێرانێ، نە لە تورانێ**

**نە لە ئەورووپا و فەڕەنگستانێ**

**نە لە وراتێ عەجەم و عەرەبستانێ**

**شەکرتر نابینی وەك کوردستانێ**

**ئەوجار هاوار دەکەی:**

**"حاشا لە سودانێ، حاشا لە دونیایێ ئەگەر گەورە و گرانە"[(١٢)]**

**هەمووی ناهێنێ سەعاتێکی ئەم کوردستانە**

**شوباتی ٢٠١٣**

---

(١١) نیوە دێڕێکی (نالی)یە.

(١٢) ڕستەیەکی دەستکاریکراوی نێو داستانی مەم و زینی (توحفەتولموزەفەرییە)ی (ئۆسکارمان)ە.

# هەڵوەدا

بەدوای تریفەی نیگایەکت
چرکە چرکە چاوی عەودالّیم هەڵدەبڕی
بۆ سۆراخی هەلاڵەی نەوبەهارێکت
فرسەخ فرسەخ کەوشەنی زەمەنم دەبڕی

بۆ گەیشتنە وێستگەی ڕاز و
ساباتی دڵنەوایی تۆ
کۆڕی ئیشق و
ئەڤینترین ئەڵقەی
دەروێشانەم گرێ دەدا
جوگرافیای ئەم هەواری
یاسەمین و ئەرخەوانەم
تژی دەکرد
لە نەخشەی چریکە و سەدا

کێ دەیزانی لە بنارت دەڕژێ
کانیلەی لاوکی نەمر و
کارێزی گوڵ و گۆرانی؟
کێ دەیگوت:

**هەگبەت پڕە لە یادەوەری گوڵاو و**
**گەروویشت لێوانلێو**
**لە چەهچەهەی جوانی؟**

**ئەمە بەژنی بڵندی چیایە**
**شکۆی کردووە بە ئەدرێس**
**گیانی پڕ بڵێسەی خۆرە**
**ڕووناکی داوە بە کۆڵیا**
**خودکاری میهرە دەنووسێ**
**با دیدەکان پڕ ئەشك بن**
**بەس بە پاکیزەیی بمرن**
**رۆحەکان ماڵی سرەوتن نەزانن**
**بەڵام بە بێداری بفڕن**
**کاروانچیان**
**بە باخەڵی چۆڵ ڕێ بڕکەن**
**لێ هەگبە و مەرکانەی دڵیان**
**لە چرۆی بەرائەت پڕکەن**

**شوباتی ١٩٩٨**

# تۆ و بەفر

**هەرچی هەیە**

**ستایشی نیانی و جوانی و**

**سپێتی بەفر دەکا**

**بەڵام تۆ لە بەفر لەپێشتری!**

**ئەی ئەوە نییە**

**بەفری هەموو دونیا**

**لە ئاست ڕۆحی گەرمت**

**چۆك دادەدا...**

**نەك هەر ئەوە**

**گەر بەفر خۆی**

**لە تۆ نەچێ**

**کێ سترانێکی بۆ دەچڕێ و**

**وێنەیەکی لەگەڵ دەگرێ؟**

**کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩**

# سۆراخ

"لە مەحوی دڵ ئەگەر ون بوو وەکوو گەنج
سۆراغی کەن لە کونجی کۆنە دەیران"
مەحوی

ئەی ئەوەی سۆراخم دەکەی
لە ناوونیشانم دەگەڕێی
دەتەوێ ناسنامەم بپشکنی
من لێرەم
لە کووخە دڵگیرەکەی خۆمدا
خۆم و
ڕۆحێکی خوێنتێزاوتر لە برین
دڵێکی خاکی و
دونیایەك لە ئەوین
خۆم و
تاخچەیەك لێوانلێو
لە گوڵاڵەی پەیڤی شیرین

خۆم و خامەیەك

لێوڕێژ لە غەزەلی تەڕ و

لە مۆسیقای ژین

ئەمە گیرفانی بچووکی منە

سیخناخە لە نوقڵی وشە

ئەوە کەپری دڵی منە

سەرشار لە شەونمی شیعر

ئەمە ماڵی ڕۆحی منە

کەیلی دیوانی گوڵڕەنگ و

بەیتی ئاوداری ئاوەدان

باخچەکەی من

پڕە لە چڵەداری  خەیاڵ و

کەوی دەنگخۆشی هۆنراوە

من لێرە

شەو لەنێو

پەیڤە بەژن زراڤەکانی نالی و

هەڵبەستە تەڕوبڕەکانی

حاجیدا دەنووم

لە ناو دێری

قەسیدە عیرفانییەکانی

مەحوی و

چامە چاو جوانەکانی

**گۆراندا**

**ڕۆژ دەکەمەوە**

**بۆیێ زانینی نهێنیی ژیانم**

**نە کات و زیرەکی گەرەکە**

**نە ماندووت دەکا**

**ئەی ئەوەی سۆراخم دەکەی!**

حوزەیرانی ٢٠١٠

# تۆ و شیعر

ئەی برادەر
ئەو وەختەی لەگەڵ شیعر دەدوێی
دەبێ کۆڵێ خورپە و ئیشق و خوێندەواری
بخەیتە جانتاکەتەوە
نەوەك دەبانی دڵڕەقی و کینە
ئەو دەمەی دەتەوێ
لەگەڵ وشە بئاخفی
بڕۆ بە شەونمی سۆز و مەحەببەت
تۆزی خۆپەرستی لە خۆتدا بتەکێنە
ئەوجا وەرە حزوور

تەمموزی ٢٠١٢

# گەلاَ وەریوەکانی تەمەن

له زمانی ئەو بەساڵداچووانەی، گەلاوێژی تەمەنیان لە ئاوابوونە و هەمیشە
خۆزگە بۆ دوێنێی زێڕین و هەڕەتی جوانی دەخوازن

"صەفای صافی جوانی ڕۆی و دوردی دەردی پیری هات
خوماریێ ماوە بەس ئەمشەو لە بادەی بەزمی دۆشینە"
مەحوی

چاوم چرای کزی ڕێگا و
لێوم لێوڕێژ لە گریانە
دڵ دەردەداری بێ چارە و
سەرم سەرقاڵی خەمانە

حەسەن حەیران با دەنگی تۆ
خەمی خەستم بیر باتەوە
چریکەت چۆڵایی ڕۆحم

## ئاسوودە و ئارام کاتەوە

لێرە لەم سارای ڕۆحەدا
ساباتی سۆز خاپوور بووە
شنە و شەونمی بەهاریش
پەڵەی پاییزی گرتووە

ئیشق ئۆقرەی لێ بڕاوە
زەمەنی زیزبوونی شیعرە
گەڵای گۆرانی وەریوە
قوڵپی قاتوقڕی میهرە

چرچ و چاڵی چیای عومرم
بە بەفریش پڕ نابێتەوە
لاولاوی لاویم بە باران
تازە تەڕتەڕ نابێتەوە

ئێلاخی ئارەزوو وشکە(١٣)
کەوی کوێستانم پیر بووە
نەما نەوای جوانی جاران

(١٣) ئێلاخ: زۆزان، کوێستان.

درەختی دەنگم زویر بووە

هەنووکە هومێدم کز و
بولبولێکی باڵ شکاوە
پەڕەی پیاسەی ژیانم
قاقەزێکی قژ ڕووتاوە

ئەفسووس ئەم وەرزی تەمەنە
سوارچاکی سەر بەرەولێژە
جاران جریوەی شادی بوو
لەمڕۆدا لە خەم لێوڕێژە

ئەیلوولی ٢٠١٢

# نامەیەك

دوای وردوخاشکردنی
مینای ئەم دڵە
لەتێ سۆز و لەتێ بزە
کەڵکی چی دەگرێ!
ئێوە بوون گوێتان لە ئاست
ئەم هەموو گمەی ڕاز و
دەردەدڵە داخست
ئەی ئێستا بۆ
بوونەتە ڕاوچی پرسیار و
خۆتان بە حەکیمی
سەد دەردان دەناسێنن؟
ئەی هەر ئێوە نەبوون
جریوەی پاساریی
پرسیارتان یاساخ کرد
نەبادا خەوی غروریتان بزڕێ؟
شنەی ئاوتان

**لە وڵاتی فوارە تورە کرد**

**نەوەك شالووریٚ بەدیاریەوە**

**سترانێکی سپی بچڕیٚ؟**

**پاش سووتاندنی**

**ئەم داربەڕووی چاوەڕوانییە**

**بە شەمچەی فەرامۆشیی ئێوە**

**گوڵاوی دڵدانەوە لە پای چی؟**

**دوای بڕینەوەی**

**ئەم ئەسپینداری خۆزگەیە**

**بە تەوری دڵرەقی ئێوە**

**سەوقاتی ڕیاکارانە بۆ(١٤)**

**ئێوە چین**

**هێندە بە گوڵ نامۆن و**

**ئەوەندە متووی**

**شووشەی شەرابی خۆدەرخستنن!**

**هێندە مەستی**

**خەراباتی سەڵتەنەت و**

**پایە ژەنگاوییەکانی ئایدۆلۆژیان!**

**ئێوە کێن**

**وا نەرگسیەتی سیاسەت**

---

(١٤) سەوقات: دیاری.

کردوونیەتە

تاریکەشەوێکی کوێر و

لەباتی بزە

مانشێتی ڕەش ڕەش دەبەشنەوە !

ئێوە چ توخمێکن

ڕووباری ئەوین

لە نەوڕەسی شیعر

لیخن دەکەن و

کانیی پێکەنین

بە ڕووی شەوبۆی ژیاندا

کوێر دەکەنەوە ؟

ئەی یارانی جەفاکار

ئەگەر شیعرێك

نەتوانێ سارێژی

زامی شەنگەبییەك بكا

هیچ نەبێ با نەبێتە

شێخی دڵشکاندن...

گەر چامەیەك

لەباریشیدا نەبێ

لە مەینەتیی گوڵەباخێك

کەم کاتەوە

لانی کەم نەبێتە

میرغەزەبی گوڵڕەنجاندن...

هۆ پیاوانی

پۆست و پایە و بەرژەوەندی

بەسە چیدی

کانیی مەحەببەت لێڵ مەکەن

ئێوە ئەی جادوگەرانی

نیشتیمانی خەم

چیدی وەك گورگی سیاسەت

لە بەرگی مەڕی وشەدا

لە چاوی ئێمە فێڵ مەکەن

تەمموزی ٢٠١٢

# پاییزەهاوڕێ

وای لە تۆ

چاوێکت هەیە

هەموو کێشە ئاڵۆزەکانی

سەر و بنی دنیای پێ دەخوێنیتەوە

بەڵام لە ئەلفوبێی نێو کتێبی

دڵشکانی پەپوولەیەك حاڵی نابی

ئەقڵێکت هەس

پیتۆڵ لە شرۆڤەکردنی

گشت هاوکێشە قورسەکانی

سەر ڕووی زەمین

وەلێ ناتەوێ نا، تەنێ جارێکیش

ڕۆحی خەستەی هاوسەفەرێکت ببینی

ئەی پاییزەهاوڕێ!

مایسی ٢٠١٢

# ئەگەر مەرگ مۆڵەت بدا

ئەگەر مەرگ مۆڵەت بدا
بۆ لەمەودوا
کام گوڵ لە باخچە بێ نازە
چەپك چەپك گوڵاوی ناز
بەسەر گۆنایدا دەپڕژێنم
کێهە گەڵا لانەوازە
غەریب غەریب بە حەیرانی دڵدانەوە
دەیلاوێنم

ئەگەر مەرگ مۆڵەت بدا
بۆ لەمەودوا
هەموو ڕۆژێ
گوێ دەگرم لە دەردەدڵی
ئەو کەنارییەی
قاچ یا باڵێکی پەڕیوە
ئەلفبای بازدان ڕاڤە دەکەم
بۆ ئەو ئاسکە نابینایەی

دیمەنی شاخ و پێدەشتی

هەر نەدیوە

ئەگەر مەرگ مۆڵەت بدا

بۆ لەمەودوا

ڕەشەڕێحانان دەچێنم

لەسەر ڕێی ئەوتەوارە

کۆستکەوتووەی

تەلبەند و باررووتی ڕۆژگار

لە خۆشی ژیانی خستووە

زینێکی زەردی سابڵاخی

دەکڕم بۆ ئەو جوانە ماینەی

شەڕ بێ خودانی کردووە(١٥)

ئەگەر مەرگ مۆڵەت بدا

بۆ لەمەودوا

گەڵێ قەشەنگتر لە باران

چامەی نازەنینی ئەوین

(١٥) "چاندنی ڕەشەڕێحان لەسەر ڕێگای یار و کڕینی زینی زەردی سابڵاخی"، لە حەیرانێکی (مام خدر خرابەدراوی)یەوە وەرگیراوە، دەستکاریم کردووە و دامڕشتووەتەوە.

لەسەر ڕوومەتی قڵیشبردووی

خاکی تینوو دەنووسمەوە

شیرینتر لە کلووی بەفر

هەقایەتی سپیی ژیان

بۆ کوێستانێکی خێرنەدیو

دەگێڕمەوە

د

ە

گ

ێ

ڕ

م

ە

و

ە

ئاداری ٢٠١٣

# خەمۆک

خۆت هەموو کات
گەڵای خەمت لێ دەوەرێ و
لەگەڵ نەسیمی ناسۆر دەڕۆی
ئەی لە پای چی
خەم لە ڕووخساری زەردباو و
دونیای پاییزیی گوڵ دەخۆی؟

مایسی ٢٠١٢

# بەراورد

ئەوسا لەیستۆکێکی شکاومان هەبوو

ئەمێستا دڵێکی لەتلەت

هەنگینیٚ مەکتەبلییێکی بێفیز بووین

هەنووکە ئەفەندییێکی بە ئەتەکێت

ئەو کات شەلاڵ بووین لە بەرائەتی نەزانین

ئێستا لێوانلێو لە درۆی ئایدۆلۆژیا

جاران هەر کۆتری هیوا بوو

دەیدا لەشەقەی شاباڵ و

ئاسمانی ژینی تەی دەکرد

نهۆ قەلەڕەشی نیگەرانی

ئۆقرەی لە دونیا بڕیوە

ئەوسا تەنیٚ سەری دەست و

یەخەی کراسەکەمان چڵکن بوو

ئێستا ڕەفتار و تەبیعەت

ئەودەمای سەرچۆکی شەرواڵمان

شیتاڵ شیتاڵ بوو[١٦]

---

(١٦) شیتاڵ: تیتاڵ، بزگوڕ.

نووکە خودانی ڕۆحێکین

تا دونیا حەزکا بریندار

ئەو زەمان کوخەکەمان

سەرشار بوو لە

شکۆ و نمەك و جوانی

ئەم ڕۆژگارە خاوەن تەلارێکین

کەیلی پەتا و

کەیلی فێڵ و

کەیلی بەدنمەکی

پێشوو باخچە خاکەڕاییەکەمان

گوڵی خۆشبەختی داپۆشیبوو

لەم کاتەدا

پارکێکمان هەیە

پانوپۆڕ بەقەد زەمینی خوا

سیخناخ لە دڕك و گیاکەڵە

لێوڕێژ لە دەردی بێ دەوا

ئابی ٢٠٠٦

# ئێرەیی

من هەمیشە
ئێرەیی بەو کوکوختییە دڵسافە دەبەم
کە تا ئێوارە دێمەوە ماڵ
لەسەر گڵۆپی بەر هەیوان و
قوفڵی دەرگاکەم
هێلانەی چێ کردووە...
حەسوودیم بەو جوتیارە دەستقلێشاوە دێ
لە تەنیشت خەرماشە و هاڕەی تراکتۆرەکەی
نان و پیازێك
لەگەڵ چۆڕێ ماستاو فڕ دەکات
ناشزانێ سەرۆکی وڵات ناوی چییە...
بەخیلی بەو سەهۆڵفرۆشە بێفیزە دەبەم
تا دونیا حەز کا ئاسوودە
دوای فرۆشتنی دوا قاڵبی بوزەکەی
ئێوارە بێ ئەوەی سەیری دەنگوباس کا

**پێش ئەوەی سەر بخاتە سەر سەرین**

**دەچێتە قوڵایی خەوێ...**

**خۆزگە بەو کارمامزە دەخوازم**

**دەم دەنێ بە کانییەکی وەك خۆی بێگەرد**

**بێ ئاگا لە دەسیسەی خوێنخۆرەکانی**

**ئەودیو تەلان**

**بێ ئاگا لە فێڵی پڵنگ و شێران...**

**ئیرەییم دێ**

**بەو پیرێژنە چەناگە کوتراوەی**

**بۆنی پونگ و گیای تەڕ و**

**ئەستورکە بەکونجی لێ دێ**

**ئەو چیانشینە دڵکراوەی**

**ڕەنگی دۆی کوڵاو و**

**هەنگوینی شاخانی گرتووە**

**سبەینانیش**

**بەر لە هەستانی ژنانی شار لە خەو**

**ئەو لە مەشکەژەندن و نانکردن بووەتەوە**

**تشرینی یەکەمی ٢٠١٢**

# نازانم کێت لێ ون بووە؟

بۆ "دار سنەوبەرێکی پەژمووردە" [(١٧)]

نازانم کێت لێ ون بووە
چەندی دەکەم
سەر دەهێنم و سەر دەبەم
ئاهی سەرد و ڕەنگی زەرد و
گوفتی پڕ دەردت برادەر
دەڵێی یەعقوبی زەمانەی
یوسفی ڕۆحت ون کردووە
چەشنی ساوای باوك کوژراو
خەونی گوتنی بابەگیانت
هەر بە زوویی لەنێو چووە
نازانم کێت لێ ون بووە

(١٧)پەژموردە: سیس و وشکهەڵاتوو.

چەندە سەیری چاوت دەکەم
پەی بە پەنهانێکی قووڵ و
ڕازێکی بریندار دەبەم
چون شێرەژنێکی کوردی
ئەوانەی دڕندەی بەعسیان
خەونی هاتنەوەی سەرداریان
بۆ هەتایە لێ کوشتووە
کتومت داپیرەی گەرمیانی
کە جگەرگۆشەیان لە عەرعەر
لێ زیندەبەچاڵ کردووە
نازانم کێت لێ ون بووە
لەبەرچاوم
کوریکێکی وشکەڵاتووی[١٨]
عەیامێك بێ لێوی باران
ماچێکی تێنەگرتبێ
چون شمشاڵێکی بێنازی
قەدەرێك بێ
قالە مەڕەییێکی ئەویندار[١٩]
کۆڕی ئاواز و گۆرانی

---

(١٨) کوریك: جۆرە گوڵێکە، مێلاقە.

(١٩) قالەمەڕە: شمشاڵژەنی ناودار و بەهرەوەری کوردستانی ڕۆژهەڵات.

**پێ گەرم و گەش نەکردبێ**

**نازانم کێت لێ ون بووە**

**ئەتۆ ئەی چناری چاوەڕوانی**

**دارکونکەرەی چ کەسەرێ**

**وا دڵتی کون کون کردووە**

**چەندە عەودالْ بووم بزانم**

**چاوەڕێی چی و**

**چ تیتراوسکی حەزێکت**

**ون کردووە !**

**شوباتی ٢٠١٢**

# دڵشکێن

خۆت کە دڵت
لە ڕەگەزی پەڕەی گوڵە و
بلووری خام...
هەندێ جار
بە دەنگێکی یەك تۆز سەرووی چرپە
دەبیتە دەشتی برین و
فوارەی زام
بەس پێم بڵێ
چۆنت توانی
هێندە گوێ لە خڕەی شکانی
مینای دڵی هاوسەفەرێکت بگری
ئەی دڵشکێنی ئازام!

ئەیلوولی ٢٠١٢

# ئەوین شانازی بە تۆوە دەکا

"بۆ دایکم"

نازانم خۆشەویستی
چەند سەدان هێندەی
جۆری باڵندەکانی ئەم گەردوونە
ئەدرێس و ناسنامەی هەیە
چەند هەزار بارتەقای
تەرزی گوڵەکانی سەر ڕووی زەمین
دیمەن و بەرامەی هەیە
لێم مەعلووم نییە
ئەوین چەند بە قەد ژمارەی
مرۆڤەکانی ئەم دونیایە
مەست و سەوداسەری هەیە
چەند ئەوەندەی پەڕەی گەڵای داران
دۆست و ئەوینداری هەیە
وەلێ باش باش دەزانم
هیچ ئەوینێك

**ناگاتە دوندی ئەوینی تۆ**

**تەواو دڵنیام**

**هیچ خۆشەویستییێك**

**ناتوانێ شان بدا لە شانی**

**چیای بڵندی شیرینی تۆ**

**نا، قەڵەم ناتوانێ**

**پۆرترێتی ئەوینی تۆ رەسم کا**

**وشە دەبێ لەگوزارشت لە تۆ**

**تا ماوە شەرم کا**

**ئەستەمە مەحەببەت**

**پەی بە زمانی ڕۆحت ببا**

**هەمیشە خۆشەویستی**

**ئیرەییی بە تۆ دەبا**

**ئەوین شانازی بە تۆوە دەکا**

**هۆ دایەگیان**

**ئەی جانی جانان**

حوزەیرانی ٢٠٠٧

# شیعرەگریان

بەسە ئیدی
بە چڵەنێرگزی ئازار
پێم مەنووسە شیعرەگریان
ئەی نازانی
ئەو پەیڤانەی لەو دۆخە
لە دایک دەبن
توند و توشن
وەك هەورەبروسکەی شێت و
گڤەگڤی تورەی زریان؟

ئابی ٢٠١١

# ئەی نیشتیمان

ئەی نیشتیمان
دە پێم بڵێ
چی لە مانگەشەوێکی
بێباک بکەم
لەبەر کوێرەکانییە سیاسەتبازەکان
مشتێ تریفەی نەگاتە من!
چیم داوە
لەو بارانی وەرزی بێ مروەتییە
تا چقڵە بێ شەرمەکان هەبن
ماچێکی تەڕ نەداتە من!

تەمموزی ٢٠١٠

# لەتێکی ڕۆحم لای تۆیە

**ـ بە ڕۆحی "ئەکرەم عەنەبی"[٢٠] پێشکێشە، کە دەیویست شیعرێکی ئەوها بۆ "سارا"ی هاوسەری بنووسێ، وەلێ سەفەری هەردووکیان پێکەوە، نەیهێشت ئەو شیعرە تەواو بکا...**

**ـ بۆ ئەو هاوسەفەرەی، لە هەر کوێ بێ و لە هەر کوێ بم، لەتێکی ڕۆحم لای ئەوە، دیارییە...**

**سەیرمکە و با تیرۆژی چاوەکانت بەندی دڵم پارەپارە کات**
**سەیرمکە و ئەو پارچە گۆشتەی ناوی جگەرە لەتلەتیکە**
**دە سەیرمکە با تریفەی نیگاکانت**
**هەموو دونیام لێ بکاتە نوور و ڕۆشنایی و چراخان**

---

(٢٠) مامۆستا ئەکرەم عەنەبی، نووسەر و مامۆستای زانکۆ، خۆی و سارای هاوسەری و هێلنی کچی، لە ١٩/ ٣ / ٢٠٠٧ بە ڕووداوی هاتوچۆ گیانیان سپارد... بەر لە کۆچی دوایی، چەند جارێك لە مامۆستا ئەکرەمم بیستبوو، کە نیازی وایە شیعرێك بۆ سارا بنووسێت و تێیدا ستایشی پاکی و کابانی و خاتوونی هاوسەرەکەی بکات.

ئەی ئەو خاتوونەی هەواری چاوت

ماڵێکە لە ئۆخژن و ئاسوودەیی ژیان

کچێ دە ئاگری سەیرکردنت داگیرسێنە

قیڕوسیا لە سووتانی من

کیژێ دەست بخە سەر پەلاپیتکەی تفەنگی تەماشا

کەی کێشەیە برژانی من

دەی با بە بەردی ڕوانینت شووشەی تەمەنم ببێ هەلاهەلا

ساردای تەماشاکردنت ڕۆحم بخاتە هەلەکەسەما

دەی بە لێزمە بارانی سەیرکردن تەڕ تەڕ تەڕمکە

بە هاتوهاواری تەماشا مەست و کەڕمکە

دە سەیرمکە

ئەی سەروەت و سایە و سەبووریی

هەموو ژین و جیهانم

من نازانم لە چی لێبووردن بخوازم

لەو (کات)انەی لە چاوانی ئەوم دەدزی و

دەمبەخشی بە شیعر و کتێب

یا ئەو یاقووتی وشانەی

لەبری ئەوەی

بیکەمە گوڵ و قردێلە

بیدەم لە پەرچەم و قژیا

دەمدا بە تیکیٚ فەلسەفە و

سەری پووتی ئایدۆلۆژیا

ئەی ئەزیزم

بە کام زمان بڵێم سوپاس

لە پاش ئەوەی

هەڵاڵەی دڵی ماندوومت

بە شەونمی ئاسوودەیی حەسانەوە

کێڵگەی وشکی ئەم تەمەنەت

سەوز و گەش کرد

بە بارانی دڵدانەوە !

بە کام زمان بڵێم سوپاس

جگە لە تۆ

کام میهرەبان

ئەم ڕۆحە سرك و ساوایەم

دەلاوێنیٚ و ڕادەژەنیٚ

میوزیکژەنی چ وڵاتێ
تاری ئەو دڵە سەرەڕۆیەم
وا بە هێمنی دەژەنێ!

بە کام زمان بڵێم سوپاس
گەر تۆ نەبای
کێ دەیتوانی
هێندە نیان
ماڵی دەروونی پڕ خەستەم
بە دەوای ئەوین تیمار کا
جگە لە تۆ
کێ دەیزانی
کەژی عومرم
وا لە هەوری حوزنی پڕ و
دڕکی نامۆیی بژار کا

ئەو هوزارە دڵنشینەی من
تا ئێستا نە حەرفێکی
لە خوێندنگەی فێمێنیستەکاندا دیوە

**نە گوڵێکی نایلۆنی**

**لە شاری ڤالأنتاین کڕیوە**

**نە ئەم گەڕەك و کۆڵانی**

**بۆ بارەگای**

**هیچ ڕێکخراوێکی ژنانە بڕیوە**

**نە لە هەشتی مارسدا**

**شیعری بێ خوێنی**

**بۆ ئەم و ئەو نووسیوە**

**نە جلی شاجوانە خوێنساردەکانی**

**سەر شاشەی تیڤی**

**بە ژیانی خۆی پۆشیوە..**

**لێ ئەو تەوارە میهرەبانە**

**لە هەمووان زێتر**

**بەڵەدی ئاسمانی ئەوین و**

**شارەزای باخی ڕاستەقینەی خۆشەویستی و**

**گوڵی گوڵشەنی وەفا و ویژدانە**

**هوزارە دڵنشینەکەم**

**وەك چۆن دەزانم زمانی قسەکردنی تۆ**

زۆر کورتەبالاترە

لە هاشوهوشی ئەو زۆربلێیانەی

لە دەرسی خۆشەویستیدا تەمبەڵ و

لە ئەلفبای وەفادا کلۆڵن

ئەوانەی لە وانەی ئەویندا نمرەیەك ناهێنن و

لە ئیملای پیتەکانی مەحەببەتدا بێسەوادن

لە حونجەی حەرفەکانی میهرەبانیدا بەربادن

ئەوانەی نە لە فێرگەی سۆزدا

دەتوانن گۆرانییێك بچڕن

نە لە ئاسمانی ژیاندا بستێك چییە بفڕن

ئەوهاش دڵنیام

ڕۆحی میهر و سۆز و وەفای تۆ

بەرزەفڕە چون تەواری سەر شاخان و

قووڵ و گەورەیە وەك زەریا و

گەرم وگەشە هەر وەك پشکۆ

لە هەر کوێ بم

تاسە و گۆرانی و ئاواتم

ڕاز و خورپە و قەسیدەی من

هەر بۆ عیشقی باڵای تۆیە

بۆ هەر لا بڕۆم

لە هەر جێ بم

خاترجەم بە

پارچەیەك لە ئەم دڵەم و

لەتێکی ڕۆحم لای تۆیە

ڕۆحم لای تۆیە

لای تۆیە

تۆیە

بەهاری ٢٠١٠

# ئوستادی بەرد

چار نییە دەبێ بچم
چەند کۆرسێکی دڵڕەقی ببینم و
چەند وانەیەکی قەساوەت
ئەزبەرکەم
چار نییە گەرەکە بڕۆم
چەند بەرگێك لە کتێبی
بێ میهری و نانیانی
سەرلەبەر بخوێنمەوە
ئەوجا لەگەڵ تۆدا بئاخفم
ئەی "دڵ کیشوەری بەرد"و [٢١]
ئوستادی ئاسن
لە دڵڕەقیدا

پاییزی ٢٠١٢

---

(٢١) خورپەیێکی مەحوییە.

# یەکەمینەکان

**بۆ "ست جاهیدە" لە هەر کوێیەك بێ[٢٢]**

**یەکەم جەژن دوای فامکردن و**

**بۆ یەکەم جار لێخوڕینی پایسکل و**

**هەوەڵ نوێژی ژیانت و**

**یەکەم سەفەری دەرەوە و**

**نووسینی یەکەمین شیعر و**

**چوونە ڕاوی یەکەم جار و**

**یەکەمین ماسی گرتن و**

**یەکەم ڕۆژی دامەزران و**

**یەکەم منداڵ و...**

**هەموو هەموو یەکەمینەکانی دی**

**شکست بن یاخود سەروەری**

---

(٢٣)ست جاهیدە: ئەو مامۆستایەی یەکەم دەرسی قوتابخانەم لەکن خوێندووە.

**بیر ناچنەوە و هەر یەکەیان**

**تابلۆیەکن لە یادگاری و بیرەوەری**

**وەلێ ئەو کەڤاڵە شەنگەی**

**لە هەر هەموو یەکەمینەکان**

**زێتر تۆخ و درشت و بەرچاوە**

**ساتێ چییە**

**ناچێتە بازنەی فەرامۆشی و**

**چرکەییێك ناڕواتە لاوە**

**یەکەم ڕۆژی قوتابخانە و**

**نووسینی یەکەم ئەلفبایە**

**یەکەم تەختە و یەکەم پۆل و**

**دەرسی یەکەم مامۆستایە**

**زستانی ٢٠٠٨**

# یاداشت

کێ وەکو خۆت

دەزانێ تۆ

لە ڕەگەزی چ سەدەفێکی و

دەچیتەوە سەر نەسلی

کام یاقوتی ڕۆژگار!

جگە لەخۆت کێ چوزانێ

چەندت لە فرۆی خۆشبەختی خواردووە و

چەندەش تاڵیی توتڕکی زەمانەت

بە قوڕگیدا چووەتە خوار!

هیچ کەس وەك خۆت

چیرۆکی سەختی ژیان و

نشێو و هەورازی تەمەنت

وا قەشەنگ ناگێڕێتەوە..

هەرگیز نییە

کەسێ وەك خۆت

قەسیدەی پێکەنین و

گۆرانیی گریانت

هێندە شیرین بنووسێتەوە..

بۆیێ هاوسەفەری ڕێگام

با هەر قوڕگ و

پەنجە و

زمانی خۆت

بەسەرهاتی خۆت یاداشت کا

با هەر هەوری ئاسمانی خۆت

چیا و هەڵەموتی ماندووت

پڕ لە پەڵەبەفر و وەشت کا

زستانی ٢٠٠٨

# ڕازگر

چەشنی زەریای
شەپۆلێکی دورپناس نەبێ
کەس لە زمانی شیعرت ناگا
هەورێکی پڕ و بێدەنگی
شنەبای ئەویندار نەبێ
کەس پەی بە ڕازی باران و
بروسکەی گریانت نابا

پاییزی ٢٠١٢

# منداڵێکی پایزنشین

بۆ نیشتیمانی منداڵی، ئەو ساتە پەپوولەییانەی، وامان دەزانی نەوت تەنیا بۆ ئەوە باشە پەڕەکاغەزێکی پێ تەڕ کەین و ڕەسمێکی لەبەر بگرینەوە...

ئەو تافەی کە دڵگوشرانی ژیانمان لەوەدا دەبینی ملاٌکێك شرووب بخۆین، یا شرینقەیەکمان لێ بدرێت...

ئەو زەمەنەی خەمی گەورەمان بزربوونی (لینا) لە (عەدنان)بوو، خەونیشمان هەمیشە بەوەوە دەبینی وەك (ڕەجولولحەدیدی) بەهێز بین و بفڕین... ئەو ڕۆژگارەی لاستیکی خەتکوژانەوەمان بۆیێ خۆش دەویست، چونکە لە بنێشت دەچوو... بۆ منداڵی نێو کتێبەکەی ئیبراهیم ئەمین باڵدار، بۆ دارا و زارا و ئازاد و نەسرین و ئەوانیدی... هەزار جار یادی بەخێر... جا کێ هەیە زەمانێك منداڵ نەبووبێ! چ کەسێك خەون بە منداڵییەوە نابینێ! کامەمان ڕۆژێك بۆ مورووە لەدەستچووەکانی هەڕەتی زارۆکیی خۆمان، گەردانەیەکمان لە فرمێسك چێ نەکردووە؟ کێ بە خەیاڵ ڕۆژانە ناچێتەوە ئاستانەی ئەو دەور و زەمانەی شەوانی هاوین، کە لە سەربان بەدەم ئەستێرە ژماردنەوە خەومان لێ دەکەوت...

من هەر منداڵەکەی جارانم

لێ  پڕ چاڵوچۆڵی عومر و پایزنشین

ئێستاش دەمم بۆنی شیری خاوی لێ دێ و

لە مشتێك ئاودا دەکەومە مەلە

دەچم شەرواڵێکی سەر چۆك دڕاو و

کراسێکی یەخە چڵکن لەبەردەکەم

کە گیرفانەکانیان پڕ پڕن

لە هەڵماتی شکاو و

سەرە قەپاغی قوپاوی بیبسی...

دەڕۆم

بە کەوچکە چا

بنکڕی بنی مەنجەڵی شیر دەخۆم و

لەگەڵ خوشك و براکانم

لەسەر خواردنی یەکەم ئەستورکی سبەینان

دەکەومە هەرا و دەمەقاڵێ...

هەر دەخوازم

دەموچاوم بە چڕە دوکەڵی

ژێر قازانی دانوو کوڵاندن

ڕەش ڕەش داگەڕێ و

تێر تێر بۆنی ساوەری كوڵاو بكەم...

هەر دەمەوێ

بچمەوە سەر سووچەكەی كۆڵانی منداڵی

شانەیەكی بچووك و

ئاوێنەیەكی بازنەیی

بخەمە تەنكەی گیرفانم و

دەستەسڕێكی شینباو

لە ملم بئاڵێنم...

ئەوجار هیچ پادشایەك

بە سەپان ڕاناگرم و

هیچ میرێك ناكەمە مەیتەر..

وای چەند مەراقمە بگەڕێمەوە

بۆ كوچە شەرمنەكەی منداڵی

لەوێ بە توێكڵەوە

گاز لە گندۆرەی دێمی بگرم و

ئاوكەكەی بەسەر ڕوومەت و چەناگەمدا

تك تك بێتە خوار..

ئەوە منم

**هەموو شەوێ**

**دەفڕم و دەگەڕێمەوە بۆ کۆنە هەوار**

**دەستێکم لە گیرفانی**

**شەرواڵە شڕەکەمدایە و**

**دەستەکەیدیش**

**درهەمێك و دە فلسی تێدایە**

**توند توند گرتوومە**

**نەبادا لێم بکەوێ**

**نەوەك بزریکەم**

**بە ئومێدی دەستە کێکی شەمائیل و**

**دوو لوقمی ئارداوی**

**تا لای بەقاڵە خوێنشیرینەکەی**

**گەڕەك ڕادەکەم ڕا...**

**ئای چەند بەتام بوو**

**کێکی شەمائیلی ئەوسا !**

**هێی زەمەن**

**باڵی فڕینت چەند گەورەیە**

**میلی کاتژمێرەکەت**

**چ بروسکێکی خۆشڕۆیە**

هێواشتر توخوا

من هێشتا

تەواو تامی شەکرۆکە و

ڕازیانەم نەکردبوو

گەیاندمتە

کەنارە وشکەکانی گەورەبوون...

هێدیتر توخوا

تازە دەمویست

فێری فڕاندنی کۆلارە بم و

تاوێ بچمە سەر جۆلانێ

کەچی بە چرکەیێ

هەموو وشە و

حیکایەتە خۆشەکانت لێ سەندم

لەسەرخۆ توخوا

خۆ من تێر چاوشارکێ نەبووبووم

هەراشبوون هات

هەموو ئارەزووەکانی لێ ڕفاندم

خۆ من هێشتا تێر تەماشای

کوریك و کنێر نەبووبووم

بۆ جارێکیش کلاّوێکم له

قاوغان درووست نەکردبوو

پاییزی گەورەبوون هات

گوڵی منداڵی و گەڵای جوانی و

گیای بەرائەتی عومر و

حاجیلەی هەڕەتی بزەی

بێ ڕەحمانه هەڵکڕوزاند

ئای منداڵی

وەك بەهاری گەرمەسێرم

کورتخایەنی و

دەورەدراوی به وردەشووشه و دڕکەزی

ئای گەورەبوون

بەر لەوەی به

چەچه و بڤه بڤه و حەتحەتۆکێ

ژیان ڕاو کەم

لەپڕ هاتی منت دزی...

ئەرێ منداڵی ده پێم بڵێ

تۆ چیت؟

**چەند پاکژ و مژدەهێن بووی**

**چەندە بەسوێ و ئازار بەخشی**

**ئەرێ منداڵی دە پێم بڵێ**

**ئەتۆ بەفری بەر هەتاوێی**

**ئەوەندە زوو دەتوێیتەوە**

**یا تەمی بەردەم ڕەشەبای**

**هەر خێرا دەڕەوێیتەوە؟**

**گلەیی بێ لێت منداڵی**

**پێت نەگوتم**

**گەورەبوون خەوێکی ئاڵۆز و**

**تارماییەکی دزێو و**

**هەڵپەیەکی هێندە ناکامە**

**بۆ جارێکیش نەتچرپاندە گوێم**

**بەساڵداچوون**

**وەرزێکی هێندە خەمناك و**

**درەختێکی ئەوەندە بێبەر و**

**حەزێکی وا نائارامە**

**گلەیی بێ لێت منداڵی**

به منت نەگوت

ئەو سەفەرە لە تەمەنی

گوڵەباخێك بچووكترە

تۆ قەت جارێ باست نەكرد

گەشتی ژیان

لە پەڕەموچەیێ سووكترە

نایەتە یادم گوتبێتت

پەلە مەكە

جحێڵی گرەوێكی بێهودەیە

نەتگوت ئارەزووی بوونە پیاو

بۆ ئاسوودەیی تەڵەیە

"ئەوجا دەرێم قاقەزەكی لۆ من بنووسن

بدەنە بە دەوێ پیرە شەماری

هەتا لەبۆ من بگێڕی لە جەبەل و چیایان"[٢٣]

ماڵئاوا منداڵی

ئەی كاسەی ئەوین و ژیان

بەدوعا منداڵی

---

(٢٣) لە حەیرانێكی (خدر خرابەدراوی)یەوە وەرگیراوە.

**هۆ تافی ئاسوودەیی گیان**

**پاییزت باش منداڵی**

**باخەکەی سەرشار لە یادگاری**

**پیریت باش منداڵی**

**مەملەکەتی خەندە و یاری**

پاییزی ٢٠١٠

# ناوی مردنە

ئەو کە دێ
نە زووتر زەنگێك لێدەدا
نە باوەڕی بە نەریتی لە دەرگادان هەیە
نە پێشتر ژوان دادەنێ
نە وەخت و ناوەخت دەزانێ
نە ڕەچاوی دەروونی شپرز دەکا
نە لە زمانی بەزەیی حاڵی دەبێ

نازانم ئەو کاتەی دێ
لە موناجاتی ئاسمانم
یا مژوڵی قسە بێتامەکانی زەمین
دیار نییە ئەو دەمەی دێ
سەرم لە کۆشی دایکمە و
کلۆ گفتی شیرین دەخەینە نێو چای ژیان
یا نەفسی بەدگۆ
ژەهری ڕەش دەخاتە نێو
شووشەی شەرابی نیشتیمان

**گرنگ ئەو هەر دێ**

**گرنگ وادە دانانێ**

**چەند خۆشبەخت ئەو ئاسکۆڵەی**

**دوای ئەوەی گیان دەسپێرێ**

**دۆلفین لە کانیاوی مەحەببەتدا دەیشوات و**

**پەڕەسێلکە بەسەر تەرمەکەیدا دەفڕێ**

**پەپوسلێمانکە لافیتەی ڕەش**

**بەسەر دیواری بادا هەڵدەواسێ و**

**شالوور بە باڵایدا دەخوێنێ**

**کەناری سەردولکەی بۆ دەچڕێ و**

**پەپوولە بە پاکی خۆی سڵاوی لێ دەکا**

**نەورەس ڕەحمەتی بۆ دەنێرێ و**

**کەڤووک گوڵی گەردنئازادی**

**دەخاتە سەر سنگی....**

**چ چارەڕەشە ئەو ڕاوچییەی**

**مەرگ دەخزێتە نێو ڕۆحی**

**کەچی ئەو**

**بە گەردنئازادی خاك ڕاناگا و**

**فریا ناکەوێ بڵێتە کوکوختی بمبەخشە**

**کاتی ئەوەی نابێ**

دڵی هێشاوی کارێزێك چاك بکاتەوە و
تۆزی سەر گۆنای چڵەگیاییێکی خەمگین بسڕێ

چ بەدبەختە ئەو ڕاوچییەی
بەر لە سەفەر
خرینگەی خڕخاڵی بەلەکی کانییێك تێکدەدا و
دەرفەتی نابێ بڵێ: هەڵە بووم نازەنین
ڕوومەتی ناسکی کەروێشکێك زامدار دەکات و
لە بیری دەچێ پێی بێژێ: پەشیمانم ئەی جوان

واوەیلا بۆ ئەو دڵبەردەی
تا ئەو دەمەی پەڕاوی تەمەنی ئێرەی پێچرایەوە
بۆ جارێکیش موسافیرێك
ترۆزییەکی گوڵبەدەمی بێستانەکەی نەخوارد
یەك کەڕەتیش
دەروێشێکی نەداری پیر
لە سێبەری کۆشکەکەی ئەو
خۆی لە تۆزی تاڵیی زیندەگی نەتەکاند

نیسانی ٢٠١٣

# بۆ سەعیدی کوردی(٢٤)

دەمگوت مێزەرێکی وەکو تۆ
بکڕم و بیکەمە سەرم
وەلێ سەرێکی وەکو تۆ
ئەمن لەکوێ بێنم قوربان
دەمگوت بە جوببەیەکی وەکو تۆ
جوان و پۆشتە بکەم باڵام
ئەمما دڵێکی
چەشنی دڵە مەزنەکەی تۆ
چۆن چۆنی پەیداکەم مەولام
دەمگوت بە قەڵەمێکی وەکو تۆ
بنووسم بۆ نزیك و دوور
بەڵام چاوێکی پڕ تروسکایی
وەك چاوی تۆ
لەکوێی دونیا بێنم ئەی نوور

وەرن ئەو پیاوە بناسن وەرن
وەرن وشە وشە و

(٢٤) مەبەست بەدیعوززەمان سەعیدی نوورسییە.

ڕستە ڕستەی

نێو پەیامەکانی بخوێننەوە

ئەو مرۆڤێکە لە تریفە و

کتێبێکە سەرشار لە عیرفان

وەرن ئاشنای بن وەرن

ئەو درەختێکە لە زوهد و

چیاییێکە لە ئیشراق و

ڕووبارێکە لە ئیمان

مایسی ٢٠١٠

# شۆخی لەگەڵ پەرلەمانتاران

به ڕوخسەتی "پیرەمێرد"ی شاعیر(٢٥)

وادەی ئینتیخاب کەوتە پاییزێ
ئاشت دەکەمەوە دڵی گشت زیزێ

نە خەو مۆدەی ما نە وێنەکێشان
نە تەپڵ کوتین بە بوتڵ وەشان

بەس دەنگم پێدە گوڵێ ئەمجارە
گشت نەیارانت بەم لە سێدارە

خەبات خەباتی پەرلەمانییە
کورسی شیرینە و دونیا فانییە

تەمموزی ٢٠١٣

(٢٥) مەبەست ئەو شیعرەی پیرەمێردە، کە بەم شێوەیە دەست پێدەکا: "وادەی ئینتیخاب کەوتە بەهارێ/ چاوەڕێین گوڵمان بۆ بێ لە شارێ".

# سێ تێبینی

**یەکەم:** هەردوو تێکستی (هەڵوەدا) و (داری خۆزگە کوا بەر دەگرێ)، پێشتر لە نامیلکە شیعری (ڕازە سادەکانی بەفر) لە ساڵی ٢٠٠٤دا، چاپ و بڵاو کراونەتەوە.

**دووەم:** ڕیزبەندی دەقەکانی نێو ئەم کتێبە، پەیوەندییان بە کاری دیزاین و مۆنتاژەوە هەیە، نەوەك وادەی نووسینیان.

**سێیەم:** زۆربەی تێکستەکان، کە لە کاتی خۆیدا لە هەندێ ڕۆژنامە و گۆڤار، یا لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووکدا بڵاو کراونەتەوە، لێرەدا دەستکاری کراون، دەستکاریکردنەکەش، کەمێکی لە ناوونیشاندا بووە و زێتریشی لە ناوەڕۆکی دەقەکان.

# پێڕست

پێشکێشه به ------------------------------------------------------------- ٣
ڕەنگ و بۆی (منداڵێکی پایزنشین)/ د. ئیدریس عەبدوڵلاّ ------------------------ ٤
چەند سەرنجێکی کورت و پوخت بۆ ئەم دیوانه شیعرییه/ عەبدولقەهاری شێخ ----- ١٦
گوتەیەك ------------------------------------------------------------- ١٨
سەفەری ڕۆح ------------------------------------------------------------- ١٩
کێ ناڵێ ------------------------------------------------------------- ٢٣
ماڵی شیعر ------------------------------------------------------------- ٢٤
سەراب ------------------------------------------------------------- ٢٧
پەپوولە ------------------------------------------------------------- ٢٩
بەڵێن ------------------------------------------------------------- ٣١
خورجین ------------------------------------------------------------- ٣٢
ئەدرێسی ژیان ------------------------------------------------------------- ٣٤
داری خۆزگە کوا بەر دەگرێ ------------------------------------------------- ٣٥
پێبکەنە ------------------------------------------------------------- ٣٧
درز ------------------------------------------------------------- ٣٩
سووتان ------------------------------------------------------------- ٤١
هەڵۆەدا ------------------------------------------------------------- ٤٦
تۆ و بەفر ------------------------------------------------------------- ٤٨
سۆراخ ------------------------------------------------------------- ٤٩
تۆ و شیعر ------------------------------------------------------------- ٥٢
گەلاّ وەیوەکانی تەمەن ---------------------------------------------------- ٥٣
نامەیەك ------------------------------------------------------------- ٥٦
پاییزە هاوڕێ ------------------------------------------------------------- ٦٠
ئەگەر مەرگ مۆڵەت بدا ---------------------------------------------------- ٦١

خەمۆک ------------------------------------------------------------------- ٦٤
بەراورد ------------------------------------------------------------------- ٦٥
ئیرەیی------------------------------------------------------------------- ٦٧
نازانم کێت لێ ون بووە ------------------------------------------------------- ٦٩
دڵشکێن------------------------------------------------------------------- ٧٢
ئەوین شانازی بە تۆوە دەکا ------------------------------------------------- ٧٣
شیعرەگریان ------------------------------------------------------------- ٧٥
ئەی نیشتیمان ------------------------------------------------------------ ٧٦
لەتێکی ڕۆحم لای تۆیە ------------------------------------------------------ ٧٧
ئوستادی بەرد ------------------------------------------------------------ ٨٤
یەکەمینەکان------------------------------------------------------------- ٨٥
یاداشت ------------------------------------------------------------------ ٨٧
ڕازگر ------------------------------------------------------------------- ٨٩
منداڵێکی پایزنشین---------------------------------------------------------- ٩٠
ناوی مردنە--------------------------------------------------------------- ٩٩
بۆ سەعیدی کوردی---------------------------------------------------------- ١٠٢
شۆخی لەگەڵ پەرلەمانتاران ------------------------------------------------ ١٠٤
سێ تێبینی ------------------------------------------------------------ ١٠٥

# چاپکراوەکانی دیکەی نووسەر:

ـ ڕازە سادەکانی بەفر، شیعر، سلێمانی/ ٢٠٠٤

ـ کەروێشک خەو بە فیلەوە دەبینێ، چیرۆك بۆ منداڵان، هەولێر/ ٢٠١٠

ـ گوتوبێژ، گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی، هەولێر/ ٢٠١١

ـ سۆمای پاکژ، چیرۆك بۆ منداڵان، هەولێر/ ٢٠١٢

ـ گوڵەئەستێرە، شیعر بۆ منداڵان، هەولێر/ ٢٠١٢

ـ زمان و میدیا، توێژینەوە، هەولێر/ ٢٠١٣

# ئەم بەرهەمانەش ئامادەی چاپن:

ـ قاوەڵتی قولنگ و ڕێوی، چیرۆك بۆ منداڵان، (وەرگێڕان).

ـ ئیدی لێی زویر نابم، چیرۆك بۆ منداڵان.

ـ بابم چەترم بۆ دێنێ، شیعر بۆ منداڵان.

ـ فەرهەنگی باج، تایبەت بە زاراوەکانی باجی دەرامەت و خانووبەرە.

ـ ساڵنومای کوردی، پانۆڕامای مانگە کوردییەکان.

# سوپاس و پێزانین

**ڕێز و خۆشەویستی و سوپاسی زۆرم بۆ ئەم هێژایانە:**

ـ ڕێزدار (د. ئیدریس عەبدوڵلا)، کە بە هەڵسەنگاندنە بەپێزەکەی، لاپەڕەکانی ئەم کتێبەی جوانتر کرد.

ـ هاوڕێی ئەزیزم کاك (عەبدولقەهاری شێخ)، کە سەرنجگەلێکی باشی پێ گوتم و پێشەکیی بۆ ئەم کتێبە نووسی.

ـ برای بەڕێزم کاك (خەلیل هیدایەت مام شێخ)، کە بە دیزاینکردنی بەرگ و ناوەوەی ئەم کتێبە، ماندووم کرد و ئەرکی زۆری کێشا.

ـ مامۆستا (غازی عەلی)ی زێدە خۆشەویست، کە لە بە چاپ گەیاندنی ئەم کتێبە، هاوکار و خەمخۆرێکی فرە باش بوو.